## ئەوەی پێویستە بیزانیت لەبارەی تانەدان کە تانەدانەکانی کاریگەری هەڵپەسێنەر و بابەتی بەیەکەوە بن

سنووری کاتی، شوێن و چۆنیەتی پێشکەشکردنی تانە لەو بڕیاری گواستنەوەیەدا ڕوون دەکرێتەوە کە بە تۆ دەدرێت.

تۆ دەبێت هۆکار یان هۆکارەکان بڵێیت کە بۆچی تۆ بە بڕیاری گواستنەوەت بۆ وڵاتێکی تری (EU+) ڕازی نیت.

تۆ هەروەها دەبێت هۆکار یان هۆکارەکان بڵێیت کە بۆچی نابێت بۆ ئەو وڵاتەی (EU+) بگوازرێیتەوە کە لە پشکنینی داوانامەکەت بەرپرسیارە لەکاتێکدا تانەکەت بەڕێوە دەڕوات.

دادگا سەرەتا بڕیار لەسەر ئەوە دەدات ئاخۆ تۆ دەکرێ چاوەڕێی دەرەنجامی تانەکە لەم وڵاتەدا بکەیت لەکاتێکدا تانەکەت بەڕێوە دەڕوات لە ماوەی **1 مانگدا**. ئەمە ناسراوە بە تانەدان لە کاریگەری هەڵپەسێنەر.

ئەگەر دادگا بڕیاری دا کە تۆ ناتوانیت چاوەڕێی ئەنجامی تانەدانەکە بیت لەم وڵاتەدا، ئەوا تۆ بۆ ئەو وڵاتەی (EU+) دەگوازرێیتەوە کە لە پشکنینی داوانامەکەت بەرپرسیارە لەکاتێکدا تانەدانەکەت بەڕێوە دەڕوات.

ئەگەر دادگا بڕیاری دا کە تۆ دەبێت ڕێگەت پێبدرێت لەم وڵاتە بمێنیتەوە لەکاتێکدا تانەدانەکەت بەڕێوە دەڕوات، ئەوا دادگا هەوڵ دەدات کە بڕیاری کۆتایی لەسەر ئەوە بدات ئاخۆ تۆ دەبێت بۆ ئەو وڵاتەی (EU+) بگوازرێیتەوە کە لە پشکنینی داوانامەکەت بەرپرسیارە لە ماوەی **1 مانگ** لە ڕێکەوتی بڕیارەکە لەسەر کاریگەری هەڵپەسێنەر.

ئەگەر تانەدانەکەت پەسند نەکرا، ئەوا تۆ بۆ ئەو وڵاتەی (EU+) کە لە پشکنینی داوانامەکەت بەرپرسیارە دەگوازرێیتەوە. گواستنەوەکە دەبێت لە ماوەی 6 مانگ لەو ڕێکەوتە ڕوودبدات کە دادگا بڕیاری کۆتایی خۆی تێدا داوە.

ئەگەر تۆ ئێستا دەستبەسەر بیت یان لە داهاتوودا دەستبەسەر بکرێیت، ئەوا دۆسیەکەت بەپەلە مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت. گواستنەوەی تۆ دەبێت لە ماوەی 5 هەفتەدا ڕێکبخرێت. ئەگەر گواستنەوەکە لە ماوەی 5 هەفتەدا ئەنجام نەدرا، ئەوا تۆ لە دەستبەسەرکردن ئازاد دەکرێیت. هەرچۆنێک بێت، گواستنەوەکەت هێشتا لە ماوەی 6 مانگ لە ڕێکەوتی قبوڵکردنی داواکارییەکەت لەلایەن ئەو وڵاتەی (EU+) کە لە پشکنینی داوانامەکەت بەرپرسیارە ڕێکدەخرێت.

**گرنگ!** تۆ دەبێت لەگەڵ دامودەزگاکان هاوکار بیت و گەشت بۆ ئەو وڵاتەی (EU+) بکەیت کە لە پشکنینی داوانامەکەت بەرپرسیارە.

